www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 11-2-2006 12:18

## کوشتنی خەڵکی بێ دیفاع تاوانەو دەبێ دادگایی بکرێ ... دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوک

سەر لە ئێوارەی رۆژی سێشەممەی رێکەتی ٢٠٠٦/٢/٧ چەند چەکدارێك بەدوو ئۆتۆمبیلی جۆری (جێمسی بەهبەهان) لە سەر جادەی گشتی گەڕەکی ڕەحیم ئاوا کوێرانە دەست ئەکەن بە تەقە کردن لە خەڵکی سەر ئەو جادەیە ولە ئەنجامدا دووکەس بەناوی (نظام قادر محمد، خالد محمود نادر) دەکوژرێن وەهەر لەوێ ئاشکرابوو کە ئەم چەکدارانە ئەمریکین.
ئەمە جاری یەکەم نییە کە هێزەکانی ئەمریکا دەست بۆ ئەم جۆرە دەست درێژییانە ئەبەن بۆ سەر خەڵکی بێ دیفاع هەر ماوەیەك بەر لە ئێستا لە خۆپیشاندانێکی خەڵکی ڕەحیماوا دوو کەسی تریان کوشت وچەندی تریشیان بریندارکرد وەبەماوەیەکی کەم پێش ئەوەش ڕووداوێکی تر لەم چەشنە ئاشکرا بوو ئەمە جگە لە چەندین کارەساتی تر کەلەسەر دەستی ئەم هێزە داگیرکەرە بەسە خەڵکی ستەم دیدەی عێراق هاتووە.
جەماوەری ئازادی خوازی شاری کەرکوك
پاش سێ ساڵ لە داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە خەڵکی ئەم وڵاتە جگە لە کوشتن وبڕین وگرانی و فەقرو فەلاکەت وتەقینەوە و کوژرانی بەکۆمەڵ هیچی تری بە نسیب نەبووە، خەڵکی ئەم وڵاتە بە درێژایی ٣٥ ساڵ، حاکمیەتی درندانەی بەعس هەمیشە بە ئاواتی ڕۆژێکەوە بوو کە ئەم حکومەتە گۆر بەگۆر بکا، هاتنی ئەمریکا بۆ عیراق ئەوەندەی تر باری شانی خەڵکی قورسترکرد خستیە بەردەم ڕێگایەك کە دەبێ چوونە دەرەوەی ئەم هێزانە بکاتە سەر خەتی بزووتنەوەی ڕزگاری خۆی. وە لە لایەکی تریشەوە ئەم حکومەت دروست کراوەی ئەمریکا کە لە ئاست هیچ تاوانێکی ئەم هێزە داگیرکەرە تەنانەت یەك قسەش ناکا بیخاتە ژێر پرسیارەوە.
جەماوەری ستەم دیدەی ڕەحیم ئاوا ـ کەرکوك
ئێمە وەکو دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی جەماوەری شاری کەرکوك کوژرانی خالید ونیزام ئیدانەو مەحکوم ئەکەین هاوکات داوا ئەکەین کە بکوژانی ئەم قوربانیانە ئاشکرابکرین وە لە دادگایییەکی ئاشکرادا داگایی بکرێن. هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بانگەوازی سەرجەم جەماوەری شاری کەرکوك ئەکەین کە لە ئاست ئەم تاوانەدا بێ دەنگ نەبن و بە ڕیزی یەکگرتویان بێنە سەرجادەو ئەم تاوانە ڕیسواو مەحکوم بکەن.
سەرکەوتوبی خەباتی جەماور بۆ ڕزگاری یەکجاری.

دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی
جەماوەری شاری کەرکوك
٢٠٠٦/٢/٨